بەناوی کوردستانی گەورە
ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com

تاران – ٢١/٦/ ٢٧٠٨

## دوکتور فرۆهلیشی ئەلمانی لە بۆکان

لە ساڵەکانی ١٣٣٠ی هەتاوی دا ، بۆ هەوەڵ جار لە لایەن رێکخراوەیەکەوە ، دوکتورێکیان بۆ خزمەتگوزاری پزیشکی نارد بۆ بۆکان ( شاری حەوزە گەورە ) ، . رەنگە ئەو پزیشکە ، کە ئەلمانی بو و ناوی بنە ماڵەیی فرۆهلیش بو ، رێکخراوەی شێر و رۆژی سوور ( شیروخورشید سرخ) هێنابوی . پێموایە تەمەنی نزیکەی ٤٠ ساڵێک دەبو ، خێزانەکەشی کە ئەلمانی بو هاتبو ، وام لە بیرە کوڕێک و کچێکیشیان بو ، کە هێنابوویانن بۆ بۆکان ، منداڵە کانیان چکۆلە بوون . دوکتور فرۆهلیش ، لە دەرمانگەیەک دا کاری دەکرد و بە نەخۆش رادەگەیی، کە لە نزیک چوار رێی شارەوانی ( پۆلیس) ی ئێستا بو ، لای کەبابخانەی فەقێ ؟.

ئەم نێوەندە ، کە خەڵک هەر پێیان دەوت "دەرمانگە" ، بریەتی بو لە خانووبەرەیەکی یەک نهۆمی چکۆلە ، کە کاری پزیشکیان تێ دا دەکرد . خێزانی دوکتوریش یاریدەی مێردەکەی دەدا و خۆشەویستێکیش ، کە بە بنەچەک خەڵکی ئاوایی قازڵیان بو ، بە ناوی کاک ئەحمەد ئوەیسی و لە پاشان پێیان دەوت "کاک ئەحمەدی دەرمانگە"، یارمەتی دوکتۆری دەدا . رەنگە رۆژانە ، بەسەر یەکەوە ، سی چڵ نەخۆشێکیان دەدی .

ئەم بەڕێزە ئەلمانیانە ، بە یارمەتی کاک ئەحمەد ئوەیسی ، زۆر خزمەتیان بە خەڵک کرد . تەناتەت زۆر جار پێویست دەبو ، بەو رێگە خاکی و جاڵوچۆڵانە دا ، بە باران و بەفر و لەنگێزە ، بشچن لە دێهات سەری نەخۆش بدەن .

لەو دەرمانگەیەدا ، هەم نوسخە دەنووسرا ، هەم کاری نەشتەرگەری زۆر سووک و ئاسان دەکرا و هەم دەرزی و سێرۆم لە نەخۆش دەدرا . بەڵام بۆ نەشتەر گەری گرنگ ، زۆرتری نەخۆشەکانیان دەنارد بۆ تەورێز یا تاران و ئەوانە .

ئەم دوکتورە بە خەڵکی وت ، نابێ لە حەوزە گەورەدا دەست و لاق و دەموچاو بشۆرن یا مەلە بکەن و دەستنوێژ بگرن ، چون ئەو کاتە خەڵکی بۆکان زۆرتر ئاوی حەوزە گەورەیان دەخواردەوە و دوکتور وتی ئەم ئاوە بەم کارانە ، پیس و چەپەڵ دەبێ و نەخۆشتان دەخا . ئەو کاتە ، زوربەی ئافرەتان لە حەوزە گەورە، بە گۆزە ئاویان بۆ خواردنەوە دەهێنا .

وا بزانم ، هەر لەو خانوبەرەیەدا جێگەیەکیشیان بۆ ژیان و حاوانەوەی بنەماڵەی دوکتور، دروست کردبو و لەوێ دەژیان .

ئەو کاتە ، وەک ئێستا نەبو . لە بۆکان کەم کەس زمانی ئینگلیسی یا ئەلمانی دەزانی . من کە هێشتا مێرد منداڵ بووم ، کەمتاکورتێک قسەم پێ دەکردن ، هەر بەم بۆنەیەوە زۆر جار بە تایبەت خزمەکانی خۆمان ، کە نەخۆش دەبوون ، منیان وەک وەرگێڕ لەگەڵ خۆیان دەبرد . هەر لەبەر ئەوە ، تا رادەیەک هەواڵم لە بارودۆخی دەرمانگەکە بو و ئەم شتانەم لە سەر ئەو بناغەیە نووسی . بەڵام

وردەوردە ،هەم دوکتور و خێزانی زمانی کوردی وفارسی تۆزێک فێر بوون ، هەم کاک ئەحمەد نەختێک زمانی ئەوان .

پاش رۆیشتنی ئەم دوکتورە لە بۆکان ، رێزدار کاک ئەحمەد ئوەیسیش دەواخانەیەکی لە کن مزگەوتە چکۆلە، لای قەپانەکان داناو و خەریکی کاری دەواخانە بو .

پاش ئەم پزیشکە ، دوکتورێکی ئوتریشی هات بۆ بۆکان ، چون من لە گەڵ ئەم دا ،پەیوەندیەکی ئەوتۆم نەبو ، تەنانەت ناویشی نازانم - دەزانم تەمەنی لە دوکتور فرۆهلیش پتر بو ، بەڵام خەڵک هەمیشە هەر بە داخەوە بوون بۆ رۆیشتنی دوکتور فرۆهلیش . جارێک ئەم پزیشکە ئۆتریشیە ، کە من زۆر زۆر نەخۆش بووم ، چاکی کردمەوە ، بۆیە هێشتا زیندووم .

ئێستا کە نزیکەی پەنجا ساڵ لەوە دەگوزەرێ ، من بۆ نۆبەی خۆم ، لە خزمەت کردنی تەواوی ئەو بەرێزانە بە خەڵکی ناوچەی بۆکان ، سپاس دەکەم و رێزیان لەسەر چاومە .